# طةشتصكي ثةروةردةيي بؤ كوردستان ... هؤمةر قةرةداغي



لە سەرەتای ساڵی دوو هەزار و پێنجەوە کۆمەک هەوڵ و چالاکیی خۆی لەبواری پەروەردەدا چڕ کردۆتەوە. پرۆژەی ئەسترید لیندگرێن، لەدێی کەندەکەوە بۆ ماوەی دوو ساڵەبەسەرکەوتوویی بەرەو پێشەوەدەچێت. ئێستاش لەدێی دەڵاڵانی نزیک ڕانیە پرۆژەیەکی تازەبەهەمان بەرنامەبەڕێوە دەچێت.

لە کۆتایی مانگی مارسدا دوو ئەندامی کۆمەک، بەمەبەستی زیاتر چڕ کردنەوەی چالاکیەکان لەبواری پەروەردە و خوێندندا لەسویدەوەگەڕانەوە کوردستان.

نوێنەرانی کۆمەک لەگەڵ کاربەدەستانی پەروەردەدا کۆبوونەوەو بەوردی باس لە مەبەست و پرۆژەکانی کۆمەک کرا.

کۆمەک پرۆژەیەکی نوێی پێشکەش بەوەزارەتی پەروەردەکرد. لەپرۆژەکەدا باس لەبەڕیوەبردنی دەقوتابخانەی نموونەیی کرا. پرۆژەکەلەسەر هەمان ڕێبازی قوتابخانەکانی دێی کەندەکەوەو دەڵاڵان پیادەدەکرێن.

جگە لە پەیوەندی و دانوستاندن لەگەڵ کارمەندانی حکوومەتی کوردستان، كۆمەك شەش سیمیناری تایبەتی گێڕا دەربارەی سیستەمی خوێندن و پەروەردەلەسوید:

- - ڕۆژی 31 ی مانگی مارس لە ڕانیەبۆ مامۆستایانی پەیمانگەی مامۆستایان.
- - ڕۆژی 3 ی مانگی ئەپریل لەڕانیەبۆ بەڕێوەبەران و مامۆستایانی ناوچەی ڕانیەو بیتوێن.
- - ڕۆژی 3 ی مانگی ئەپریل لەقەڵادزێ بۆ بەڕێوەبەران و مامۆستایانی ناوچەی قەڵادزێ و پشتدەر.
- - ڕۆژی 5 ی مانگی ئەپریل لەسلێمانی بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانەناوەندی، دواناوەندی و ئامادەییەکان.
- - ڕۆژی 6 ی مانگی ئەپریل لەسلێمانی بۆ مامۆستایان و خوێندکارانی کۆلیژی مامۆستایان لەزانکۆی سلێمانی.
- - ڕۆژی 7 ی مانگی ئەپریل لەسلێمانی بۆ مامۆستایانی پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی.

ناوەڕۆک و باسی ناو سیمینارەکان چەند تەوەرێکی گرتبووە خۆ، لەوانە

- ❖ ساختاری سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە سوید، دوو سیستەمی هاوتەریب بە یەک کاردەکەن: سیستەمی کارمەندانی بواری پەروەردەو خوێندن لە ناو دەوڵەت و

شارەوانیەکانداو سیستەمی سیاسی کە نوێنەری ڕێکخراوە سیاسیەکان لە ناو پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانیەکاندا.

- ڕێنامەی (مەنهەج) پەروەردەو خوێندن لە سوید دوو بەشی سەرەکییە: بەشی بەهابنەماییە دیموکراتیەکان لە بواری یەکسانی و هاونرخی و بەرابەرایەتی مرۆڤداو بەشی زانستی.
- بەرنامەی کاری قوتابخانەو پلانەکانی کارکردن، سێ بەشە: بەشی ئامانجەکان، بەشی چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان و بەشی هەڵسەنگاندن.
- شێوەی بەڕێوەبردنی قوتابخانە: بەشی دانانی تایبەت بە هەموو بوارەکانی کارکردن لە ناو قوتابخانە لە بەر ڕۆشنایی بەرزڕاگرتنی سیستەمی دیموکراتی و ئازادی تاکەکەسدا. هەروەها بەشی بە ناوەندکردنی دەسەڵات و مافی خوێندکاران.
- کاروئەرکی بەڕێوەبەری قوتابخانە: هەموو ئەو کارانەی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەیکات، لە دانانی ساختارکارەوە بۆ بودجە و دابەشکردنی کارو دانانی پلانی جیاوازەوە هەتا کێشەکانی قوتابیان و مامۆستایان.
- بەراوردکردنی ڕێنامەی پەروەردەیی سوید لە گەڵ کوردستاندا، هەڵسەنگاندنی ڕێنامەی سویدو کوردستان و ڕەچاوکردنی دەرئەنجامەکان لە بەر ڕۆشنایی لێکچون و جیاوازییەکاندا.
- تیشک خستنە سەر دۆکومێنتە ڕێبەرییەکانی سیستەمی خوێندنی سوید. سیستەمی پەروەردەو خوێندن لەسویددا سەرپەرشتی و ڕێبەرایەتی دەکرێت لە ژێر چەتری دۆکومێنتە ڕێبەرییەکاندا کە لە حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانیەکانەوە دێنە خوارەوە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان. نموونەی ئەو دۆکومێنتانە: ڕێنامەی کار، پلانی وانەکان و پلانی قوتابخانەکانە.

کۆڕی سیمینارەکان گەرم بوو. بەڕێوەبەران، مامۆستایان و خوێندکاران بەگفتوگۆ و پرسیار و دیالۆگ سیمینارەکانیان دەوڵەمەند کردبوو.

ماسمێدیای کوردستان، هەم ڕۆژنامەو گۆڤار و هەم تەلەڤیزیۆن، گرنگی بەم چالاکییانەدا و دەرفەتی چەند دیمانەیەك بۆ کۆمەك ڕخسا. لەوانەچاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، مانگنامەی کوردنۆ و بڵاوکراوەی پەروەردەدا، تەلەڤیزۆنی کوردسات، خاک و پەروەردە.

بەڕیفۆرم کردنی بواری پەروەردە و خوێندن، پێویستیەکی هەنوکەییەو کۆمەک بەشدارییەکی بەرچاوی لەم بوارەدا هەیە.

هۆمەر قەرەداغی
2005 / 4 / 17